28 مین کۆنفرانسی ئەنجومەنی وەزیرانی پەیوەندی و گەیاندنی زانیاری عەرەبی لە قاهیرە دەستی بەکارەکانی کرد

ئەمڕۆ پێنجشەممە،بە بەشداری "هەیام یاسری "وەزیری پەیوەندییەکان ،ئەنجومەنی وەزیرانی پەیوەندی و گەیاندنی زانیاری عەرەبی، کۆنفرانسی 28مینی خۆی لە میسر بەست.

وەزارەتی پەیوەندیەکان لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە: کە بەئامادەبوونی "هەیام یاسری" وەزیری پەیوەندییەکان، 28مین کۆنفرانسی ئەنجومەنی وەزیرانی پەیوەندی و گواستنەوەی زانیاری عەرەبی بە گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی بەرەوپێشبردنی ئینتەرنێت،و نیشاندەری عەرەبی بۆ ئابووری دیجیتاڵی و میکانیزمی سەرکایەتی تیمە عەرەبیەکان و ئامادەکارییەکان بۆ کێبوونەوەکانی یەکێتی نێودەوڵەتی گەیاندن و پەیوەندییەکان.

پەیامنێرمان ئاوڕشی خستەڕوو : کە لە کۆنفرانسەکەدا گفتوگۆ لەسەر چالاکی ئەو ئامانەی دەکرێت کە سیفەتی چاودێریان هەیە لە کارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی عەرەبی بۆ پەیوەندی و زانیاری، و چالاکی نووسینگەی هەماهەنگی عەرەبی یەکێتی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکان،و چالاکی ڕێکخراوی عەرەبی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاری، و چالاکی تایبەتی عەرەبی دەستەکانی ڕێکخستنی پەیوەندی و تەکنەلۆژیای زانیاری، و چالاکی ئەکادیمیای عەرەبی بۆ زانست و تەکنەلۆژیا و گواستنەوەی دەریایی، هەروەها ئاماژەی بۆ بەدواداچوونی ڕاسپاردە دەرچووەکانی ئەنجومەنی وەزاری و پێداچوونەوەی وەزیرەکان بۆ بابەتەکانی

پێویست بە ئاسایشی سایبەری و تیمی پسپۆرانی عەرەب کە تایبەتە بە هووبووونەوەی تاوانکانی تەکنەلەژیای زانیاری دەکات.